وڵیەم هەیوود(١٨٦٩ – ١٩٢٨) ئەو هاباڕە کرێکارەی خۆی لە چاو ئەمریکا تێران.. ئامادەکردن و وەرگێڕانی : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

کەسایەتی وڵیەم هەیوود

وڵیەم دادلی هەیوود ناسراو بە (بیگ بیل)؛ هاباڕەکی بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا و دامەزرێنەری یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا(١) لە چواری مانگی شوباتی ساڵی ١٨٦٩ لە شاری سەڵت لەیک لە ویلایەتی یوتا لەدایک بووە. وڵیەم لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەشداری چەندین نەبەردی کۆمەڵایەتی چینایەتی کرێکارانی کردووە دژ بە سەرمایەداران، وەک نەبەردی کرێکارانی کەلەادە و مانگرتنی کرێکارانی ستن و چینینی لەرانس و مەساچوستس و نیوجەرسی.

وڵیەم داکۆکیکارێکی سەرسەختی ڕێکخستنی کرێکاران بوو لە یەکێتیی و سەندیکا کانیان. ئەمەش فەلسەفەی ململانێی چینایەتی کرێکارانە تا کرێکارانی هەشتە جیاوازەکان لە ڕێکخراوی خۆیاندا ڕێکخراو بن. وڵیەم باوەڕی وابوو کە کرێکارانی هەموو نەتەوە جیاوازەکان دەبە یەکگرتوو بن. چونکە یەکگرتوویی کرێکاران بەمانای بەهێزبوونیان دە لەبەرامبەر سەرمایەداران. هەروەها وڵیەم ئەوەندەی باوەڕی بە کردەی ڕاستەوخۆ هەبوو ئەوەندە باوەڕی بە کردەی سیاسی نەبوو. وڵیەم سازشکار نەبوو لە خەبات بۆیە هەمیشە بەو تاوانبار دەکرا کە لایەنگری توندوتیژی بەمانا چینایەتییەکەی. بۆیە سەرمایەداران هەوڵیاندا لە ساڵی ١٩٠٧ بە کوشتنی فرانک ستونینبەرگ تاوانباری بکەن، بەڵام لەو پلانە چەپەڵیان سەرکەوتوو نابن. ساڵی ١٩١٨ ، بەیانووی چالاکی دژی بە جەنگی جیهانی یەکەم، حکومەتی ئەوسای ئەمریکا سەد و یەک ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانی دەستگیر کرد و وڵیەم یەکێک بوو لەوان. وڵیەم بیست ساڵ زیندانی بە دەبەنەوە. بەڵام ساڵی ١٩٢١ لەکاتی پیاچوونەوەی بڕیارەکەی وڵیەم دەرفەتی بە هەڵدەکەوێت و هەڵدێت بەرەو وڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت.

ژیانی ولیەم هەیوود لە یەکەتیی سۆڤیەت
لە یەکەتیی سۆڤیەتی حکومەتی بەلشەڤیکان، هەیوود بووە ئاوێژکاری کار لە حکومەتی بەلشەڤیکی لینین و تا ساڵی ١٩٢٣ لەو پێستدا مایەوە. هەروەها هەیوود بەشداری لە دامەزراندنی کۆلانی پیشەسازیی سەربەخۆی کوزباسدا کرد(٢). میوانە هەمەچەشنەکانی هەیوود بە شوقە بچووکەکەی لە مۆسکۆ هەستیان بە تەنیایی و خەمۆکیی ولیەم و ئارەزووی گەڕانەوەی بە ئەمریکا دەکرد. لە ساڵی ١٩٢٦ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنەکی ڕووسی پێکهێنا، هەرچەندە ولیەم و هاوژینەکەی دەبوو بە زمانی ئاماژە قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن، چونکە هیچ کامیان زمانی ئەوی دیکەی نەدەزانی. ئەم دەخی غوربەتە زۆر درێژەی نەکێشا و بەداخەوە ئەم ڕابەرە مارکسیستەی چینی کرێکار لە ١٨ی ئایاری ١٩٢٨، لە نەخۆشخانەیەکی مۆسکۆ بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە گیانی لەدەستدا. پاش مردنی تەرمەکەی سووتێنرا و نیوەی خۆڵەمێشەکەی لە نەکرۆپۆلیسی دیواری کرەملین نێژرا؛ دەبەیەک کە نیوەکەی تری خۆڵەمێشەکەی تەدابوو ڕێوانەی شیکاگۆ کرایەوە و لە نزیک مۆنۆمێنتی شەهیدانی هایمارکێت نێژرا.

ولیەم و یەکەتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی

لە کۆتایەکانی ساڵی ١٩٠٤ ژمارەیەک لە ڕابەرانی کرێکاری ڕادیکاڵ و بەرجەستەی ئەمریکا لە شیکاگۆ کۆبوونەوە بە نەخشەداشتن لەپێناو پێکهێنانی یەکەتیەکی کرێکاریی شۆڕشگێڕی نوێ. بە ئەو مەبەستە بەیاننامەیەک نووسرا و ڕێوانەی سەرتاسەری وەڵات کرا. ئەو ڕابەرە کرێکارییە و سەندیکایینانەی کە لەگەڵ مانیفێستەکەدا هاوڕا بوون، بانگهێشت کران بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی دامەزراندنی یەکەتیەکی نوێ کە دواتر بە یەکەتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهان ناونرا.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی؛ ڕۆژی ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٠٥، هەیوود قسەی بە ئەو خەڵکە کرد کە لە هۆڵەی براند لە شیکاگۆ کۆببوونەوە. ئامادەبووانی کۆنگرەکە بریتیبوون لە دوو سەد نوێنەری ڕێکخراوە کرێکارەکانی سەرتاسەری ئەمریکا، کە نوێنەرایەتی سۆسیالیستەکان، ئانارکیستەکان، کرێکارانی کانەکان، سەندیکایەکانی پیشەسازی و کرێکارانی یاخیبوویان دەکرد. هەیوود یەکەم کۆنفرانسی بەم وتانەی خوارەوە دەستپێکرد.
(هاوڕێیان، ئەمە کۆنگرەی کیشوەریی چینی کرێکاری ئەمریکایە. ئەمە لەرەین بە ئاوەژووی کرێکارانی ئەمریکا یەکگرتوو و یەکپارچە بکەین لە بزووتنەوەیەکی چینایەتی مازن بە مەبەستی ڕزگارکردنی خۆی لە

کۆیلایەتی سیستەمی سەرمایەداری. خواست و ئامانجەکانی ئەم یەکێتییە دەبێت ئەوە بێت کە چینی کرێکار دەسەڵاتی ئابووری، هەڵکارکانی خۆشگوزەرانی ژیان، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت، دوور لە چاودێری کارفەرما و سەرمایەداران.)
جگە لە ولیەم هەیوود؛ قسەکەرانی تری ئەم کۆنگرێیە لەم کۆسایەتییە شەشگەرانە پێکهاتبوون وەک یوجین دێبس ئابەری حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا و مەری هاریس دایکە جێنس ڕێکخەری گشتی یەکێتیی کرێکارانی کانزاووزکانی ئەمریکا و لوسی پارسنس ڕێکخەرێکی گۆڕەی کرێکاران بوو. دوابەدوای پێکهاتنی یەکێتییەکە، ئەم ڕێکخراوە سەرسەختانە بەشداری تێکۆشان و خەباتی چینی کرێکاری ئەمریکای کرد. ولیەم هەیوود لە ساڵی ١٩١٥ تا ١٩١٨ بوو بە سکرتێری گشتی ئەم ڕێکخراوە کرێکارییە شەشگەڕە.

دادگایی و تاوان هەڵبەستن
لە ٣٠ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥ فرانک ستێنێنبەرگ حاکمی گشتی ویلایەتی ئایداهۆ لەلایەن هاری ئەرچاردەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دەکوژرێت. فرانک لەڕووبەڕووبوونەوەی کرێکارانی مانگرتوو زۆر وەحشیگەریانە جووڵابوو. هاریش پاسەوانی چارڵس مەیەر بوو کە سەرکی ڕێکخراوی کرێکارانی کانزکان بوو. هاری لە زیندان کەوتە ژێر کاریگەری سەرمایەداران و بە تەماحی پارە و ئازادکردن ئیفادەکەیان پە گۆی و هاری کرداری کوشتنەکەی خستە ئەستۆی چوار لە ڕابەرانی کرێکارییەوە، واتە بە فەرمانی ئەوان ئەو کارەی کردووە. ئەوە بوو یەکێکیان هەڵات و سە ئابەڕی تر لە ١٧ ی شوباتی ساڵی ١٩٠٦ لە شاری دێنڤار پایتەختی ویلایەتی کۆلۆرادۆ دەستگیر کران. لەکاتێکدا ئەو ئابەرانە لە کاتی تاوانەکەدا هەر لەوێش نەبوون. ئیتر پڕاوی دادگاییان بە ئامادەکردن. هەیوود ئەوکاتەی لەزیندانیش بوو وەک کاندیدی حیزبی سۆشیالیستی کۆلۆرادۆ خۆی کاندیدا کرد و ١٦٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنا. دادگاییەکە لە ٩ ی ئایاری ١٩٠٧ دەستی پێکرد. لە دادگاییەکەدا هاری دانی بەوەدا نا کە ئەو بەر لە ناسینی هەیوود و مەیەر پارەی وەرگرتووە. سەرمایەداری لەم پلان و نەخشەیەدا دژ بە ئابەرانی کرێکاری سەرکەوتوو نەبوو.

هەیوود و حیزبی سیاسی
بە چەندین ساڵ؛ ولیەم هەیوود ئەندامێکی چالاکی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا بوو، لەتەوانینە سیاسییەکانیدا مارکسیست بوو. هەروەها هەیوود لە ساڵی ١٩١٠، نوێنەری حیزبەکەی بوو بە ئینتەرناسیونالی دووەم. ساڵی ١٩١٢ بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە.

هەیوود بەردەوام تاکتیکی خەباتی ڕادیکاڵانە و تووند بووە. بەیە هەمیشە پشتی بە مانگرتن و ئاکسیۆن بەستووە نەک تاکتیکی سیاسی. دوای ،مشتومڕێکی سیاسییانە دەربارەی ئەو تاکتیکانەی هەیوود، ئەوبوو هەیوود لە شوباتی ساڵی ١٩١٣ ڕێزەکانی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکای جێهێشت و وەک یەک ڕابەری بەرجەستەی کرێکاریی خۆی بە یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی تەرخان کرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمە بەو مانایە نایەت کە ولیەم هیچ بایەخی بە تیەر و فڕبوون نەداوە، بەڵکو خودی خۆی چەندین نامیلکە و وتاری گرنگی نووسیوە کە ئێستا بوونەتە بەشێک لە مێژووی خەباتی چینایەتی کرێکارانی ئەمریکای باکوور(٣)

دوا قسە
ولیەم هەیوودی سەرەاست و جیددی و بەوەفا و مارکسیست؛ شانبەشانی بزووتنەوەی چینی کرێکاری ئەمریکا لەتەکشاندا بوو. چینی کرێکاری ئەمریکا ڕێزێکی زۆریان بە هەیوود هەبوو. ئەویش هەموو ژیانی بە ئەو چینە تەرخان کرد. وتەکانی، قسەکانی، نووسین و کتێبەکانی گەواهی دەدەن لەسەر جیددی بوون و سەرسەخت بوونی ئەم ڕابەرە مەزنەی خەباتی چینایەتی لەبەدیهاتنی خواست و ئاواتەکانی کرێکاران. تا چینی کرێکاری ئەمریکا مابێت ئەو قسەیەی هەیوودی لەیاد ناچێت کە دەیوت (دەقی سەرمایەداری بەجۆرێک ئەوەی بەزەیی بێت، تێیدا نییە). ولیەم ٥٩ ساڵ ژیا، بەڵام سەربەرزانە ژیا لەپێناو ملیۆنان ئینسان کە چیتر برسی و چەوساوە نەبن. ئەو شەو و ڕۆژی پێکەوە گرێ دەدا تا ئاواتە چینایەتییەکانی کرێکاران کە لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا ئاماژەی پێدراوە، بێتە دی. هەر ئەو تێکۆشانەی هەیوود بوو کە بە ماوەی سێ دەیە خۆی لەچاوی سەرمایەدارانی ئەمریکا تێران.(٤)

تێبینییەکان :
(١)حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٠١ لە ئەمریکا لە ئەنجامی لێکنزیکبوونەوەی حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەمریکا و حیزبی کاری ئەمریکا هاتە دامەزراندن. لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم حیزبە پشتیوانییەکی زۆری لەلایەن ڕێکخراوە کرێکارییەکان و سۆشیالیستەکان و جووتیارە پێپلیستەکان و پەناهەندەکانەوە بەدەستهێنا. یەوجین ڤی دێبس دوو جار لە هەڵبژاردنەکانی سەرکایەتیدا زیاتر لە ٩٠٠ هەزار دەنگی بەدەستهێناوە لە هەمان کاتدا حیزبی سۆشیالیست دوو نوێنەری ئەمریکای (ڤیکتەر ئێڵ بەرگەر و مەیەر لەندەن) و دەیان یاسادانەر و زیاتر لە ١٠٠ سەرکی

شارەوانی و بەرپرسی هەبژارد. دژایەتی تووندی ئەو پارتە لەگەڵ تەوگلانی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، هەرچەندە لایەن زۆر کەسەوە پشوازی لێکرا، بەڵام بووە هۆی لادانی دیار و سەرکوتکردنی فەرمی ئەو حیزبە. حیزبی سۆشیالیست زیاتر بەهۆی شکستی کوتلەیی لەسەر چەنیەتی وەڵامدانەوەی شۆشی ئۆکتۆبەر لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩١٧ و دامەزراندنی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩١٩دا لەت و پەت بوو- زۆرێک لە ئەندامان پارتەکەیان بەجێهێشت و چوونە نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا.
(٢)لەسەرەتای دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان، حکومەتی بەلشۆفیکەکان بە پشتیوانی زانی کە سوود لە سەرمایە و زانیاری و ئەزموونی بیانی لە هەگبەی ئەنجامدانی هەکەکوتنی ئیمتیازەوە، وەربگرێت، ئەم بیارەش لە یەکەمین کۆنگرەی سەرتاسەری هووسیای سۆڤیەتدا کە لە کانوونی دووەمی ١٩١٧دا بەڕێوەچوو، بیاری لەسەر درابوو.
(٣)بۆ نموونە : سۆشیالیزمی پیشەسازی لەگەڵ فرانک بەهن شیکاگۆ ١٩١١، مانگرتنی گشتی ١٩١١، وتاری هەیوود دەربارەی کەیسی ئیتەر و جیانۆڤیتی ١٩١٢، بیل هەیوود مانگرتنی پیترسنی ساڵی ١٩١٣ی لیادە. ١٩١٣، مۆژووی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی دەپ دەپ بە خۆن نووسراوە. ١٩١٩، هەکوتانەسەر بەبەردەوامی ١٩١٩، ژیاننامەی بیە هەیوود ١٩١٩.
(٤)هەندێک ناو لەم نووسینەدا هاتوون کە خوێنەر دەتوانێت گوگیان بکات و زانیاری پشتیانی لەبارەوە بەدەست بهێنێت.

سەرچاوە : بە ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.

-1
https://www.oregonencyclopedia.org/articles/industrial_workers_of_the_world_iww

2-
https://www.forewordreviews.com/reviews/frank-little-and-the-iww/

3- https://libcom.org/article/iww-canada-g-jewell

ولیەم هەیوود(١٨٦٩ – ١٩٢٨)
ئەو ڕابەرە کرێکارەی خەوی لە چاو ئەمریکا تێران

ئامادەکردن و وەرگێرانی : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

کۆمەڵایەتی ولیەم هەیوود

ولیەم دادلی هەیوود ناسراو بە (بیگ بیل)؛ ئابڕەکی بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا و دامەزرێنەری یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا(١) لە چواری مانگی شوباتی ساڵی ١٨٦٩ لە شاری سێت لەیک لە ویلایەتی یوتا لەدایک بووە. ولیەم لە دوو دایکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەشداری چەندین نەبەردی کۆمەڵایەتی چینایەتی کرێکارانی کردووە دژ بە سەرمایەداران، وەک نەبەردی کرێکارانی کۆلۆرادۆ و مانگرتنی کرێکارانی ڤستن و چینینی لەرانس و مەساچوستس و نیوجەرسی.
ولیەم داکۆکیکارێکی سەرسەختی ڕێکخستنی کرێکاران بوو لە یەکێتیی و سندیکاکانیان. ئامانجی فەلسەفەی ململانێی چینایەتی کرێکارانە تا کرێکارانی ڤشتە جیاوازەکان لە ڕێکخراوی خۆیاندا ڕێکخراو بن. ولیەم باوەڕی وابوو کە کرێکارانی هەموو نەتەوە جیاوازەکان دەبێ یەکگرتوو بن. چونکە یەکگرتوویی کرێکاران بەمانای بەهێزبوونیان دژ لەبەرامبەر سەرمایەداران. هەروەها ولیەم ئەوەندەی باوەڕی بە کردەی ڕاستەوخۆ هەبوو ئەوەندە باوەڕی بە کردەی سیاسی نەبوو. ولیەم سازشکار نەبوو لە خەبات بۆ هەمیشە بۆ تاوانبار دەکرا کە لایەنگری تۆندوتیژیە. دیارە تۆندوتیژی بەمانا چینایەتییەکەی. بۆیە سەرمایەداران هەوڵیاندا لە ساڵی ١٩٠٧ بە کوشتنی فرانک ستونینبەرگ تاوانباری بکەن، بەڵام لەو پلانە چەپەڵیان سەرکەوتوو نابن. ساڵی ١٩١٨ ، بەیانووی چالاکی دژی بە جەنگی جیهانی یەکەم، حکومەتی ئەوسای ئەمریکا سەد و یەک ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانی دەستگیر کرد و ولیەم یەکێک بوو لەوان. ولیەم بیست ساڵ زیندانی بە دەبڕنەوە. بەڵام ساڵی ١٩٢١ لەکاتی پیاچوونەوەی بڕیارەکەی ولیەم دەرفەتی بە هەڵدەکەوێت و هەڵدێت بڕەو وەاتی یەکێتیی سۆفیەت.

ژیانی ولیەم هەیوود لە یەکێتیی سۆفیەت
لە یەکێتیی سۆفیەتی حکومەتی بەلشەفیەکان، هەیوود بووە ئاوژکاری کار لە حکومەتی بەلشەفیکی لینین و تا ساڵی ١٩٢٣ لەو پێستەدا مایەوە. هەروەها هەیوود بەشداری لە دامەزراندنی کۆلۆنی پیشەسازیی سەربەخۆی کوزباسدا کرد(٢). میوانە هەمەچەشنەکانی هەیوود بە شوقە بچووکەکەی لە مۆسکۆ هەستیان بە تەنیایی و خەمۆکیی ولیەم و ئارەزووی گەڕانەوەی بە ئەمریکا دەکرد. لە ساڵی ١٩٢٦ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنەکی ڕووسی پێکهێنا، هەرچەندە ولیەم و هاوژینەکەی دەبوو بە زمانی ئاماژە قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن، چونکە هیچ کامیان زمانی ئەوی دیکەی نەدەزانی. ئەم دەخی غوربەتە زۆر درێژەی نەکێشا و بەداخەوە ئەم ڕابڕە مارکسیستەی چینی کرێکار لە ١٨ی ئایاری ١٩٢٨،

لە نەخشانەیەکی مەسکە بەهەی جۆتەی مشکەوە گیانی لەدەستدا. پاش مردنی تارمەکەی سووتێنرا و نیوەی خۆڵەمێشەکەی لە نەکرێلیسی دیواری کرەملین نێژرا؛ دەبەیەک کە نیوەکەی تری خۆڵەمێشەکەی تەدابوو ڕەوانەی شیکاگۆ کرایەوە و لە نزیک مانەمێنتی شەهیدانی هایمارکێت نێژرا.

ولیەم و یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی

لە کۆتایییەکانی ساڵی ١٩٠٤ ژمارەیەک لە ڕابەرانی کرێکاری ڕادیکاڵ و بەرجەستەی ئەمریکا لە شیکاگۆ کۆبوونەوە بۆ نەخشەداشتن لەپێناو پێکهێنانی یەکێتییەکی کرێکاریی شۆڕشگێڕی نوێ. بۆ ئەو مەبەستە بەیاننامەیەک نووسرا و ڕەوانەی سەرتاسەری وڵات کرا. ئەو ڕابەرە کرێکارییە و سەندیکاییانەی کە لەگەڵ مانیفێستەکەدا هاوڕا بوون، بانگهێشت کران بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی دامەزراندنی یەکێتییەکی نوێ کە دواتر بە یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهان ناونرا.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی؛ ڕۆژی ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٠٥، هەیوود قسەی بۆ ئەو خەڵکە کرد کە لە هۆڵەی براند لە شیکاگۆ کۆببوونەوە. ئامادەبووانی کۆنگرەکە بریتیبوون لە دوو سەد نوێنەری ڕێکخراوە کرێکارەکانی سەرتاسەری ئەمریکا، کە نوێنەرایەتی سۆسیالیستەکان، ئەنارکیستەکان، کرێکارانی کانەکان، سەندیکاییەکانی پیشەسازی و کرێکارانی یاخیبوویان دەکرد. هەیوود یەکەم کەسێک بوو کە وتەی خوارەوە دەستپێکرد.
(هاوڕێیان، ئەمە کۆنگرەی کیشوەریی چینی کرێکاری ئەمریکایە. ئەمە لەرێین بۆ ئەوەی کرێکارانی ئەمریکا یەکگرتوو و یەکپارچە بکەین لە بزووتنەوەیەکی چینیایەتی مۆزن بۆ مەبەستی ڕزگارکردنی خۆی لە کۆیلایەتی سیستەمی سەرمایەداری. خواست و ئامانجەکانی ئەم یەکێتییە دەبێت ئەوە بێت کە چینی کرێکار دەستاتی ئابووری، هەڵکارکانی خۆشگوزەرانی ژیان، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن لەژێر دەستاتی خۆیدا بێت، دوور لە چاودێری کارفەرما و سەرمایەداران.)
جگە لە ولیەم هەیوود؛ قسەکەرانی تری ئەم کۆنگرەیە لەم کەسایەتییە شۆڕشگێڕانە پێکهاتبوون وەک یوجین دەبس ڕابەری حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا و مەری هاریس دایکە جۆنس ڕێکخەری گشتی یەکێتیی کرێکارانی کانخەڵووزەکانی ئەمریکا و لوسی پارسنس ڕێکخەرێکی گەورەی کرێکاران بوو. دوابەدوای پێکهاتنی یەکێتییەکە، ئەم ڕێکخراوە سەرسەختانە بەشداری تێکۆشان و خەباتی چینی کرێکاری ئەمریکای کرد. ولیەم هەیوود لە ساڵی ١٩١٥ تا ١٩١٨ بوو بە سکرتێری گشتی ئەم

□□کخراوی کرێکاریی شۆشگێڕ.

دادگایی و تاوان هەڵبەستن

لە ٣٠ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥ فرانک ستێنبێرگ حاکمی گشتی ویلایەتی ئایداهۆ لەلایەن هاری ئێرچاردەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دەکوژرێت. فرانک لەڕووبەڕووبوونەوەی کرێکارانی مانگرتوو زۆر وەحشیگەریانە جووڵابوو. هاریش پاسەوانی چارڵس مایەر بوو کە سەرکی □□کخراوی کرێکارانی کانەکان بوو. هاری لە زیندان کاتێ ژێر کاریگەری سەرمایەداران و بە تەماحی پارە و ئازادکردن ئیفادەکیان پێ گۆڕی و هاری کرداری کوشتنەکەی خستە ئەستۆی چوار لە رابەرانی کرێکاریەوە، واتە بە فەرمانی ئەوان ئەو کارەی کردووە. ئەوە بوو یەکێکیان هەڵات و سەرۆکایەتی تر لە ١٧ ی شوباتی ساڵی ١٩٠٦ لە شاری دەنڤار پایتەختی ویلایەتی کۆلۆرادۆ دەستگیر کران. لەکاتێکدا ئەو ڕابەرانە لە کاتی تاوانەکەدا هەر لەوێش نەبوون. ئیتر پۆڵیسەوی دادگاییەیان بە ئامادەکردن. هەیوود ئەوکاتەی لەزیندانیش بوو وەک کاندیدی حیزبی سۆشیالیستی کۆلۆرادۆ خۆی کاندیدا کرد و ١٦٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنا. دادگاییەکە لە ٩ ی ئایاری ١٩٠٧ دەستی پێکرد. لە دادگاییەکەدا هاری دانی بەوەدا نا کە ئەو بەر لە ناسینی هەیوود و مایەر پارەی وەرگرتووە. سەرمایەداری لەم پلان و نەخشەیەدا دژ بە ڕابەرانی کرێکاری سەرکەوتوو نەبوو.

هەیوود و حیزبی سیاسی

بە چەندین ساڵ؛ وڵیەم هەیوود ئەندامێکی چالاکی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا بوو، لەتەوانینە سیاسییەکانیدا مارکسیست بوو. هەروەها هەیوود لە ساڵی ١٩١٠، نوێنەری حیزبەکەی بوو بە ئینتەرناسیونالی دووەم. ساڵی ١٩١٢ بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە. هەیوود بەردەوام تاکتیکی خەباتی ڕادیکاڵانە و تووند بووە. بەڵە هەمیشە پشتی بە مانگرتن و ئاکسیۆن بەستووە نەک تاکتیکی سیاسی. دوای ،مشتومڕێکی سیاسییانە دەربارەی ئەو تاکتیکانەی هەیوود، ئەوبوو هەیوود لە شوباتی ساڵی ١٩١٣ ڕێزەکانی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکای جێهێشت و وەک یەک ڕابەری بەرجەستەی کرێکاریی خۆی بە یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی تەرخان کرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمە بەو مانایە نایەت کە وڵیەم هیچ بایەخی بە تیۆر و فەربوون نەداوە، بەڵکو خودی خۆی چەندین نامیلکە و وتاری گرنگی نووسیوە کە ئێستا بوونەتە بەشێک لە مێژووی خەباتی چینایەتی کرێکارانی ئەمریکای باکوور(٣)

دوا قسە

ولیەم هەیوودی سەرۆک و جیددی و بۆوفا و مارکسیست؛ شانبەشانی بزووتنەوەی چینی کرێکاری ئەمریکا لەتەکۆشاندا بوو. چینی کرێکاری ئەمریکا هێزێکی زۆریان بە هەیوود هەبوو. ئەویش هەموو ژیانی بە ئەو چینە تەرخان کرد. وتەکانی، قسەکانی، نووسین و کتێبەکانی گەواهی دەدەن لەسەر جیددی بوون و سەرسەخت بوونی ئەم ئەرکە مەزنەی خەباتی چینایەتی لە بەدیهاتنی خواست و ئاواتەکانی کرێکاران. تا چینی کرێکاری ئەمریکا مابێت ئەو قسەیەی هەیوودی لەیاد ناچێت کە دەیوت (دەقی سەرمایەداری بەجۆرێکە ئەوەی بەزەیی بێت، تێیدا نییە). ولیەم ٥٩ ساڵ ژیا، بەڵام سەربەرزانە ژیا لەپێناو ملیۆنان ئینسان کە چیتر برسی و چەوساوە نەبن. ئەو شەو و ڕۆژی پێکەوە گرێ دەدا تا ئاواتە چینایەتییەکانی کرێکاران کە لەمانیفێستی کۆمۆنیستدا ئاماژەی پێدراوە، بێتە دی. هەر ئەو تێکۆشانەی هەیوود بوو کە بە ماوەی سێ دەیە خەوی لەچاوی سەرمایەدارانی ئەمریکا تێران.(٤)

تێبینییەکان :

(١)حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٠١ لە ئەمریکا لە ئەنجامی لێکنزیکبوونەوەی حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەمریکا و حیزبی کاری ئەمریکا هاتە دامەزراندن. لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم حیزبە پشتیوانییەکی زۆری لایەن ڕەخنەگراوە کرێکارییەکان و سۆشیالیستەکان و جووتیارە پۆپۆلیستەکان و پەناهەندەکانەوە بەدەستهێنا. یەوجین ڤی دەبس دوو جار لە هەڵبژاردنەکانی سەرکایەتیدا زیاتر لە ٩٠٠ هەزار دەنگی بەدەستهێناوە لە هەمان کاتدا حیزبی سۆشیالیست دوو نوێنەری ئەمریکای (ڤیکتەر ئێل بەرگەر و مێیەر لەندەن) و دەیان یاسادانەر و زیاتر لە ١٠٠ سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوبەری هەڵبژارد. دژایەتی تووندی ئەو پارتە لەگەڵ تەوگلانی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، هەرچەندە لایەن زۆر کەسەوە پشوازی لێکرا، بەڵام بووە هۆی لادانی دیار و سەرکوتکردنی فەرمی ئەو حیزبە. حیزبی سۆشیالیست زیاتر بەهۆی شۆڕشی کوتلەیی لەسەر چەنیەتی وەڵامدانەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩١٧ و دامەزراندنی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩١٩دا لێت و پێت بوو- زۆرێک لە ئەندامان پارتەکەیان بەجێهێشت و چوونە نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا.

(٢)لەسەرەتای دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان، حکومەتی بەلشەفیکەکان بە پشتیوانی زانی کە سوود لە سەرمایە و زانیاری و ئەزموونی بیانی لە ڕەگەزی ئەنجامدانی ڕەکەوتنی ئیمتیازەوە، وەربگرێت، ئەم بیارەش لە یەکەمین کۆنگرەی سەرتاسەری ڕووسیای سۆڤیەتدا کە لە کانوونی

دووەمی ١٩١٧دا بەڵشەوچوو، بەیاری لەسەر درابوو.
(٣)بە نموونە : سۆشیالیزمی پیشەسازی لەگەڵ فرانک بەهن شیکاگۆ ١٩١١، مانگرتنی گشتی ١٩١١، وتاری هەیوود دەربارەی کەیسی ئیتەر و جیانۆڤیتی ١٩١٢، بیل هەیوود مانگرتنی پیتەرسنی ساڵی ١٩١٣ی لەیادە. ١٩١٣، مەژووی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی دەپ دەپ بە خوێن نووسراوە. ١٩١٩، هەڵکوتانەسەر بەبەردەوامی ١٩١٩، ژیاننامەی بیل هەیوود ١٩١٩.
(٤)هەندێک ناو لەم نووسینەدا هاتوون کە خوێنەر دەتوانێت گوگڵیان بکات و زانیاری پێویستیان لەبارەوە بەدەست بهێنێت.

سەرچاوە : بە ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.

-1
https://www.oregonencyclopedia.org/articles/industrial_workers_of_the_world_iww
2-
https://www.forewordreviews.com/reviews/frank-little-and-the-iww/
3- https://libcom.org/article/iww-canada-g-jewell

ڕووسیا و کۆماری ئیسلامی و کێشەی سێ دووگڵکە.. وەرگەڕانی کاوە عومەر

دیمانەی خەلیل کەیوان لەگەڵ حەمید تەقوایی لەبەرنامەی وێنام
وەرگەڕانی کاوە عومەر
بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵ جەدید ئامادەکراوە

خەلیل کەیوان: لەم دواییانەدا دەسەڵاتدارانی ڕووسیا بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی هاوکاری کەنداوی عەرەبی کە بە کورتی بە ناوی ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداو ناودەبرێت، لە مەسکۆ کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا. لە بەیاننامەی کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا "پاپشتی هەوە

و دەستپێشخەرییەکانی حکومەتی ئیمارات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لەسەر سێ دوورگەکە لە ڕێگەی دانوستانی دوولایەنە یان دادگای نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان و جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان" دەکرێت. ئەم پرسە پرسی کێشەی خاوەندارێتی بەسەر ئەو سێ دوورگەیەدا گەرمتر کردووەتەوە و بووەتە قسەوباسی نێوان بەرپرسانی حکومەت و هەڵەکانی ئێپڕسیەندا گۆشاندوەتەوە. لەوانە دەنگێک لە ناو حکومەتەوە دەبیستین کە کە هەوەستی ڕووسیا لەسەر بنەمای سادەیی بوو یان سەبارەت بە سەربەخۆیی و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئێران مجامەڵەی هیچ لایەنێک ناکەین. لە پەرلەماندا بەشێک لە نوێنەران لە وتارەکەیاندا پێش فەرمانکەیان ناڕەزایەتییان بە هەوەستی ئەم دواییەی ڕووسیا و ڕێبازی حکوومەت بە ئەم پرسە دەربڕی. میدیای حکومی نووسیوانێ کە پشتیوانی ئێران بە ڕووسیا پشت بە با و هتد دەبەستێت. ئەم بابەتە لەگەڵ حەمید تەقوایيدا تاوتوێ دەکەین.

حەمید تەقوایی دەزانین کە کەماری ئیسلامی پرسی خاوەندارێتی ئێران لەم سێ دوورگەیە بە شتێکی دانوستان لەسەرنەکراو دەزانێت. بە بڕوونی ئەوە هەکارەکانی هەوەستی لایەنگری ئیمارات ڕووسیا سەبارەت بەم دوورگانە بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی نزیک و دەستانە لەگەڵ کەماری ئیسلامی چین؟

حەمید تەقوایی: خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ڕووسیا هەوە دەدات پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە و عەرەبستان و ئیمارات و هتد هەبێت. ئەمەش بەشێکە لە ستراتیژی ڕوسیا بە بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا. بەیە سەیر نییە ڕووسیا هەوەستی لەو شوێنە بگرێتەبەر. هەرچەند ڕووسیا هەمیشە لە شێوەی سووریا، لە عێراق و لە سیاسەت و کردەوە تیرێریستییەکانی دیکەی کەماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا پاڵپشتی کەماری ئیسلامی بووە و هەمیشە لە ئەنجومەنی ئاسایش و لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی بە قازانجی کەماری ئیسلامی داوە، بەڵام بە پشتبەستن بە هەوەستەکانی کەماری ئیسلامی سیاسەتی ناوچەیی خۆی دیاری ناکات.

یەکێک لە ئامانجەکانی ڕووسیا کە لە ئێستادا بەهێی شەڕی ئۆکرانیا لەژێر فشاری گەمارۆ ئابووریيەکاندایە، فراوانکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئابووریيەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەیە. ئەم وڵاتانە هەرچەندە بە پێچەوانەی کەماری ئیسلامی پەیوەندییەکی نزیک و فراوانی دیپلۆماسی و ئابووریيان لەگەڵ حکوومەتەکانی ڕۆژئاوا هەیە، لەهەمان کاتدا دەیانەوێت دوای لاوازبوونی پێگەی حکومەتی ئەمریکا لە ناوچەکە و پێکهێنانی جۆرێک لە "فەزای کراوەی دیپلۆماسی"دا پەیوەندی دیپلۆماسی-

ئابووریی نوێیان لە گەڵ چین و ڕووسیادا هەبێت.
بەگومان تا ئێستا شوێنەی پەیوەندی بە پرسی سێ دورگەوە هەیە، ئەمە یەکەمجار نییە وڵاتانی عەرەبی هەوڵستەکی لەو شێوەیە بگرنەبەر. پێشتر نوێنەرێکی ئێوەیە کە ڕووسیا پشتیوانی ئەم هەوڵستەی کردووە، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخ و هاوکێشانەی ناوچەکەدا کە من ڕوونم کردەوە، بە تەواوی شیاوی تێگەیشتنە.
خەلیل کێیوان: چینیش حەوت مانگ لەمەوبەر هەوڵستەکی هاوشێوەی سەبارەت بەو سێ دوورگەیەی گرتەبەر و بایەخیاندا بە ئیدیعای ئیمارات سەبارەت بەم دوورگانە. ئایا ڕووسیا و چاینە سیاسەت و ئامانجەکی هاوبەش پەیەوە دەکەن؟
حەمید تەقوایی: بەڵێ دەکرێ بڵێین چین پشتنگ بوو لەم بابەتەدا. لە دانوستانەکانی نێوان چین و سعودیە و وڵاتانی دیکەی عەرەبی حەوت مانگ لەمەوبەر، پرسی پاپشتیکردنی ئەو سێ دوورگەیە تەنیا پرس نەبوو، بەڵکو چین گرێبەستی گەورەی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ سعودیە و ئیمارات واژۆ کرد و لە هەمان کاتدا هاوکێیدا سعودیە و کەماری ئیسلامی لە یەکتر نزیک بکاتەوە. دەکرێ بڵێین دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کەماری ئیسلامیی سعودیە و میرنشینەکان کە ئەڵێ شاهیدین بە دەستپێشخەریی چین دەستیپێکرد. پەگەی چین لەسەر ئەو سێ دوورگەیە لە ڕاستیدا بە مانای جەرەک لە زەمینەی نەوبژیوانی بوو بۆ لێک نزیککردنەوەی دوو لایەنە ناکۆکەکە. لە ڕەوتێکی گشتیتردا، پەیوستە هەموو ئەم هەنگاوانە بە بەشێک لە سیاسەتی چین بۆ فراوانکردنی کاریگەری، بەتایبەتی کاریگەریی ئابووری، لە ناوچەکەدا هەژمار بکرێن.
بەهەر حاڵ وەک ئاماژەم پێدا، چین و ڕووسیا بڵێکەکن کە سیاسەت و ئامانجەکانیان لە ڕەهەندە ناوەڕاستدا پەیەوە دەکەن و کەماری ئیسلامیش لەگەڵ خەیاندا ڕادەکشن. کەماری ئیسلامی بە هەی سیاسەتی دژە ڕۆژئاوایی و ستراتیجی بەناو "نیگای ڕۆژهەڵات"، پەیستی بە بەرگری و پشتیوانی لە سیاسەت و هەوەستەکانی چین و ڕووسیا هەیە، بەڵام پێچوانەکەی ڕاست نییە. ئەمە کەماری ئیسلامییە کە بە هەی گەشەگیریی و فەزح بوونیەوە لە جیهاندا، بە تایبەتی لە ژێر گوشاری شەشی ژیانی ئازادیدا، بە پشتبەستن بە ڕووسیا و چین، بە پشت بەستن بە ڕووسیا و چین پەگەیەک بە خەی بدەزێتەوە، بەڵام چین پەیستی بەو جەرە نییە و ڕووسیاش هەرچەند بە هەی شەی ئەکرانیاوە لە ژێر گوشاردا بووە، بەڵام بە ئەو پەوەندی لەگەڵ کەماری ئیسلامیدا، تەنانەت لە ئاستی سیاسەتە ناوچەییەکانیشدا، گرنگی و لەپشتر بوونەکی تایبەتی نییە. سیاسەتە ناوچەییەکانی بڵێکی ڕووسیا – چین سەربەخۆیە و لە هەندێک حاڵەتدا پێچوانەی هەوەست و

داواکارییەکانی کۆماری ئیسلامییە و هێزەستەکانی ئەم دواییە سەبارەت بەو سێ دووگەیە جەختکردنەوەیەکی دیکەیە لەسەر ئەم هێوتە.

خەلیل کیوان: زۆرێک لە هێزە ناسیۆنالیستەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەم هێزەستەی ڕووسیا و نزیکبوونەوەی لێنینبڕاوانەی تێزیم بە نیشانەی خیانەتکردنی کۆماری ئیسلامی لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی و یەکپارچەیی خاک دەزانن. بۆچونی ئێوە لەم بارەیەوە چیە؟

حەمید تەقوایی: پێویستە لە چوارچێوەیەکی گشتیتردا ئەم هێزەستەی ناسیۆنالیستەکان هەڵسەنگاندنی بکرێت. ئەمە هەمیشە گوتاری هێزە ڕاستڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆن و شاهانە و تەنانەت کۆماریخوازەکان بووە، کە وا دیارە کۆماری ئیسلامی پابەند نییە بە "بەرژەوەندی نەتەوەیی"وە، سنووری بۆی گرنگ نییە و ئێران و ئێرانیبوونی بە گشتی بۆی گرنگ نین. تەنانەت هەندێک لە شاخوازەکان پێیان وایە کە ئەمە حکومەتێکی عەرەبییە، خومەینی لە هیندستان لەدایک بووە و هتد. ئەمە بە تەواوی بە بنەمایە. بۆ ئەوەی من کۆماری ئیسلامی لە پاشایەتیخوازەکان کەمتر ناسیۆنالیستی نییە. بە هەمان شێوە جەخت لەسەر پاراستنی سنووری ئێران دەکاتەوە. سەبارەت بەو سێ دووگەیە، هەمیشە ڕایگەیاندووە کە خاوەندارێتی ئێران لەسەر سێ جەزیرەکە جێگای باسکردن نیە. لەم حاڵەتەدا بەم دواییانە هەمان هێزەستیان گرتەبەر، هەرچەندە زۆر بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ ڕووسیا دەکەن. ئەگەر وا دابنێین ئەم هێزەستە لایەن ئەمریکاوە پێشنیار بکرایە، دڵنیابن کە هەرشی زۆر بەهێزترمان لە بەرپرسانی حکومەتەوە دەبینی. لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووسیادا زۆر بە وریایی ورەبینیەوە مامەڵەیان کرد، ئەمەش لەبەر بە بایەخی سنوور و سنووریکان بە ئێم نییە، بەڵکو وەک ڕوونم کردەوە، لەبەر پێویستییان بە بڵەکی ڕووسیا-چین. لە هەر حاڵەتێکدایە، تا ئەو شوێنەی پێیوەندی بەو سێ دووگەیەوە هەیە، حکومەت هەمیشە ڕایگەیاندووە کە ئەو دووگانە هی ئێرانن و لە دەسپێی ئەم دواییەشدا جەختیان لەسەر هەمان شت کردووەتەوە.

هەربۆیە ئەو هەڵە جیاکارەوەی کە هێزە ڕاستڕەوەکان هەوڵی کەشانی لە نێوان خۆیان و کۆماری ئیسلامیدا دەدەن، وەک ئەوەی کۆماری ئیسلامی بەباکانە بەرامبەر بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی، خاک و سنووریکان، هیچ بنەمایەکی نییە. کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی ئایینییە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەر شوێنێک پێویست بکات، تەپڵی ناسیۆنالیزم و بەرگری لە سنوور و نیشتیمانی لەداوە. بە نموونە لە شەڕی ئێران و عێراقدا، شەڕێک کە لە نێوان دوو "وڵاتانی ئیسلامی"دا ڕوویدا، تێزیم لە بنەڕەتدا بە پشتبەستن بە دەزی

"ئیسلام" جگە لە دەماری میللی و میللەت چەتی و ئەرانیبوونی شتی بردە پێشەوە،. تەنانەت ئەوکاتەش شاخوازەکان لە شکڵدا پشتیوانییان لە کەماری ئیسلامی دەکرد و تا ئێستاش بە شکڵکی نەتەوەیی – نیشتمانی ناوی دەبەن. چەند ساڵک لەمەوبەر ڕەزا پەهلەوی ڕایگەیاند کە ئامادەیە وەک فەکەوانێک بەشداری لەم شکڵدا بکات. بەیە تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە پیرەزیەی ناسیۆنالیستیەکانەوە هەیە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کەماری ئیسلامی و ناسیۆنالیستە ئێپزسیۆنکاندا نییە.
خاڵی بنچینەیی ئەوەیە کە لە ڕوانگەی جەماوەری خەکەوە و لە ڕوانگەی هەزە ڕادیکاڵکانەوە، پیرەزی نەتەوەیی- نیشتمانیکان وەک شکڵ نین، هەروەها پیرەزیەکانی ئایینیش نین. هەم خورافاتی ئایینی و هەم پیرەزی نەتەوەیی هیچ پەیوەندیەکیان بە خواستەکانی خەکەوە نییە. خەڵک، وەک شکڵشی ژن ژیان ئازادی ڕایگەیاندووە، لە ڕووی خۆشگوزەرانی و ئازادیە مەدەنیەکان و هتدەوە داوای مافە ڕەواو ئینسانیەکانی خۆیان دەکەن و هەمیشە لە ژێر ئاڵای ناسیۆنالیزم و ئایینداە، بە دروشمی "خودا پاشا نیشتمان" سەرکوت کراون. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵین لە ڕووی پیرەزی و تابۆی نەتەوەیی ئایینی- نیشتمانیەوە، کەماری ئیسلامی و دەسەاتی پاشایەتی شان بە شانی یەکترن و هەرچەند جەختکردنەوەیکی جیاوازیان هەیە، بەڵام یەکگیان زیاتر جەخت لەسەر ئایین دەکاتەوە و ئەوی دیکەیان لەسەر ناسیۆنالیزم، بەڵام لە بنەڕەتدا نوێنەرایەتی هەمان هەڵە دەکەن. ئەو هەڵە و سیاسەتی کە حکومەتکان هەمیشە پەیڕەویان کردووە، و ئایدیاڵ و بەها ئازادیخوازەکانی خەڵک هەمیشە لە خاڵی پێچەوانەی ئەم هەڵە و سیاسەتی حکومەتدا بووە.
خەلیل کەیوان: لە دوو مانگی ڕابردوودا کەماری ئیسلامی هەوڵی داوە پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ سعودیە و ئیماراتدا هەبێت. ئەم هەوڵستی ئەم دوایەی ڕووسیا چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم پەیوەندییانە دەبێت؟
حەمید تەقوایی: پەموانییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت چونکە ئیمارات و وڵاتانی عەرەبی کەنداو هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم سێ دوورگەیە هی خۆیانن. بەم مانایە هیچ شتکی نوێ ڕووی نەداوە.
خاڵکی دیکە ئەوەیە کە نزیکیی کەماری ئیسلامی لەو وڵاتانە بە گەشگیریی کەماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا دەگەڵتەوە. وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، لەگەڵ ئەو شکڵشەی کە لە ئێراندا دەگوزەرێت، ڕژیم لە ژێر گوشاری تونددا بووە و لە جیهاندا ڕیسوا و بەناوبانگ کراوە. نزیکیی کەماری ئیسلامی لە سعودیە و ئیمارات لەم

هوانگەیەوەیە؛ هێزیم بە نزیکبوونەوە لەم وڵاتانە هەوە دەدات پێگەیەک لە ناوچەکەدا بەدەستهێنێتەوە. هەروەها وڵاتانی عەرەبی دەیانەوێت پەیوەندییەکانیان بەو ئیمتیازاتانە دەستپێبکەنەوە کە بەدەستیان هێناوە. بەیە هیچ کام لە لایەنەکانی ناکۆکی لەسەر ئاو سە دوورگەیە بە بڕیارەست نازانرێت.

خەلیل کەیوان: بە بۆچوونی ئێوە چارەسەری ناکۆکی لەسەر سە دوورگەکە چییە؟

حەمید تەقوایی: ئەم پرسە، هاوشێوەی ناکۆکی سنووریيەکانی نێوان هەردوو وڵات، دواجار دەبێ بە دەستوەردانی لایەنی سێهەم چارەسەر بکرێت. چونکە ئێگەر بە ئەم حکومەتانە جێبهێڵیت، کێشەکە چارەسەر نابێت و تەنانەت هێنگە شێ و ململانێی سەربازیشی لێبکەوێتەوە. زۆرێک لە شارەکان بە لێدانی تێپەڕی ناسیۆنالیزم و ئیدیعای سنوور دەست پێدەکات. چارەسەری کۆتایی ئێوەیە کە لە هێگەی میتەدی دیپلۆماسیی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و نێتێوە یەکگرتووەکان و هتد بەدواداچوون بە ئاو پرسە بکرێت و تەماری مژووویی و بۆچوون و خواستی خەڵک لەبەرچاو بگیرێت و لەسەر ئاو بنەمایە بیار بدرێت. ئەم دوورگانە زۆر دانیشتوویان نییە. گەورەترین دوورگەی ئێبو موسا کە کەمتر لە پێنج هەزار کەسی تێدایە و هەزاران و سەدان کەس لە تونبی گەورە دەژین و تونبی بچووک بە هیچ شێوەیەک نیشتەجێی تێدا نییە. بەڵام لە هەمان کاتدا بۆچوونی خەڵکی دانیشتووی ئاو دوورگانە و لە کۆدا خەڵک خەی دیاوێت هاوڵاتی بێت، فاکتەرێکی گرنگە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت.

بەڵای من کەمکەی ئەم فاکتەرانە دەتوانێت کێشەکە بە شێوەیەکی دیموکراسی و پرانسیپی چارەسەر بکات. گوتارگەلێکی وەک ئاوەی ئەمە لە هێگای ئەم سە دوورگەیەدا خەمان بەخت دەکەین و هتد، کە ئەمە لە سەشیال میدیادا نموونەیان دەبینین، بەنی بەاوکردنەوەی ڕق و کینە و شەیان لێدێت. دەبێت ماملە لەگەڵ ئەم مەیلانەدا بکرێت. حکومەتکان دەبێ پابەندبن بە قبوڵکردنی بۆچوونی دەسەاتە نێودەوڵەتییە خاوەن ڕایکان. بەگومان پێشبینی ئاوە ناکرێت کە لە سەردەمی کەماری ئیسلامیدا کێشەکە چارەسەر ببێت، بەڵام دوای ڕووخانی حکومەت، کاتێک حکومەتێکی خەڵکی پشت بەستوو بە دەنگی خەڵک و دیموکراتی دێتە سەر کار، بە شێوەیەکی سروشتی ئەمە دەتوانێت چارەسەری کێشەکە بێت.

١٩ی تەممووزی ٢٠٢٣، ٢٨ی تیری ١٤٠٢

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو.. سازدانی : عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو
لە هەولێر بە ئاهەنگی ژنهێنان و بەزم و هەراکەی دەرەبەگ ئەکلەنجە

هونەرمەند ڕزگار خۆشناو

- لە ١٠ ی شوباتی ١٩٥٢ لە شاری شەقڵاوە لە دایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٦٨ لە (معهد الدراسات النغمیە العراقی) دەستی کردووە بە خوێندنی (عود) نەزەریاتی شەرقی کوردی.
- لەساڵی ١٩٨١ عێراقی بەجێهێشتووە و لەساڵی ١٩٨٢ دەستی کردووە بە خوێندنی کومیو ستیونی-کلاسیک و لە ساڵی ١٩٨٩ دا تەواوی کردووە بەدەرجەی دبلۆم. وەساڵێک پاشتر بەوانامەی ماجستێری وەرگرت لە تالیف و ئێندامی دائمی کۆمیسیۆنی نەمساویە.
- لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٥ لەگەڵ گروپێکی تیاتەری نەمساوی ئیشی کردووە هەم موزیکژەن و هەم ئەکتەر بووە. چوونەتە پەرەنیا و ڕۆمانیا و ئەڵمانیا. دوو کاسێت لە ١٩٨٣ و ١٩٨٥ وە سیدییەک لەگەڵ گروپێکەی کەهەر هەموویان مامۆستای دانشگان لە نەمسا (ڤینەاو گرامش)لە ١٩٩٥ دەرهات و ٢٥٠٠ دانەی لە فرۆشرا. ئێستاش خەریکی سید یەکی تازەن لەگەڵ چەند کۆنسەرتێک کە.تەنها زیاتر بە خێکی ئەوروپایە کە زەر تاموچۆژ لە موزیک و کۆنسەرتی ئەوان وەردەگرن و زیاتر لە (٩٠٠ تا ١١٠٠) کەس ئامادەی ئاهەنگکانیان دەبن. هەروەها لەگەڵ هونەرمەندان مەرزیە وناسری ڕەزازی و حەمە جەزا و ئەردەڵان...تاد زەر کۆنسەرت و ئاهەنگیان لە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا و ئوسترالیا سازداوە.

لە میانی ئەوسەردانە کورتەی هونەرمەند ڕزگار خۆشناو بە شاری

باراناوی ڤانکۆڤەر ، ئەم دەرفەتمان قەستەوە و ئەم پرسیارانەمان ئاراستە کرد و ئەویش بەوپەڕی خۆشحالییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایندەوە.

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : گەڕیدەکانی بەردەم گۆشەی مۆسیقای کوردی بە شۆفێکی گشتی چین؟

ئەزگار خۆشناو : تەنها ئەم پرسیارە دە تا پانزە لاپەڕەی دەوێ تاکو بتوانی وەڵامی بدەیتەوە. بەڵام من بە کورتی ئەو خاڵانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی ئاستی مۆسیقای کوردی باس دەکەم:

١- نەبوونی وەاتەکی کوردی و نەبوونی دام و دەزگای گۆشەبیری و پێیمانگای مۆسیقی هونەری تەواو و بە ئیمکاناتی باش.

٢- بندەستی میللەتی کورد و نیازی پیس و چەپەڵی دەوروپشتی کورد بە گۆرینی کولتووری کورد بە عەرەبی و تورکی وفارسی بەتایبەتی فۆلکلۆری کوردی کە ئەمە بەتە نەچیرەکی ئاسان و نزیک بە ئەوان.

٣- نەبوونی هاندانی تەواو لەلایەن گەکخراوە سیاسییەکانی کورد و پشتگیری هونەرمەندان لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە.

٤- میللەتی کورد بەگشتی میللەتەکی وا گۆشنبیر نییە کەوەکو هونەرمەندان لەوان تێدەگەن ، لە ئەمە بگەن. بۆیە لەلایەن خەڵکی کوردەوە هونەرمەند زۆر هان نادرێت. دەپرسن کوا کاسێتی تازە یان کوا سیدی تازە؟ بەڵام کە هونەرمەند مەسرەفکی زۆری کرد و ئەویش ئەگەر پێی قەرز بکرێ، ئەوا نیوەی پارەکەی نایەتەوە. تە باسی قازانج هەر مەکە. کورد وا فێر بووە کاسێت تەسجیل بکات و نایکڕێت!

٥- نەبوونی گروپی مۆسیقی باش و بەرهەمی باشیش پێوەندی بە ئیمکاناتی هونەری و ماددییەوە هەیە.

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : کاریگەری مۆسیقای گۆژاوا لەسەر مۆسیقای کوردی چییە؟

ئەزگار خۆشناو : مۆزیکی گۆژاوا دوورە لە مۆزیکی کوردی (ئەگەر باسی کوردستان بکەین)، بەڵام لە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا ئەوا مۆزیکی گۆژاوا کارەکی زۆر ئەوتەی نەکردەتە سەر موزیکی کوردی یان تەئسیری لەسەر موزیکی کوردی نەبووە . هەوڵی زۆر دراوە سوود لە تەکنیکی گۆژاوایی و لە هەندەک ستایڵی گۆژاوا وەکو"پۆپ ، جاز ، ڕۆک ، بلوز ، کلاسیک …تاد" وەربگرێت. لەو مۆجالەش هونەرمەندی

گۆرەی کورد خوالێخۆشبوو قادر دیلان و هونەرمەندان عومەر دزەیی و جوان حاجو چەند نموونەیەکن لەو هونەرمەندانەی کە توانیویانە لەم بارەیەوە سوود وەربگرن.
بەڕای من ئەتوانین پرسیارەکە پێچەوانە بکەینەوە : ئایا موزیکی کوردی چ کارەکی لەسەر موزیکی ڕۆژئاوا کردووە؟ هەموومان موزیکی فلامینکۆ(Flamingo)ی ئەسپانی ، یان موزیکی قەڕەجی ئەسپانیامان گوێ لێبووە کە بەزەبر دەلیل کاتی خۆی واتە کاتی هەڵاتنی موزیکوان و عودژەنی گۆرە و بەناوبانگی کورد (زریاب) بۆغدای بۆجەهێشت و بەرەو ئەندەلوس ڕۆیشت و بناغەی ئەم مۆزیکەی داناوە، یان زۆر گەرانی پۆپی(pop)ی جیهانی بەناوبانگ کە میللوودییەکەی پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ میللەدی کوردی کۆن و هەورامی و شوانەواری تریەوە هەیە.

عەبدوڵا سەڵمان (مەشخەڵ) : ئایا بەبۆچوونی جەنابت مەسیقای فۆلکلۆر دەتوانێت ببێتە بناغەی مەسیقای ئەم سەردەمە و بۆچی؟

ڕزگار خۆشناو : ئەمەی کورد ئەبێ یەک شت بزانین کە ئێویش جیاوازی نێوان موزیکی فۆلکلۆری وەکو کەڵەپوری ڕەسەنی کوردی و مایەی شانازی و هەبوونی میللەتێک و پێوەندی بە دیرەک و داب ونەریتی کوردەواری و هەروەها مۆزیکی هونەری بەهەموو جۆر و بەشەکانیەوە کە ئێویش پێوەندی هەیە تا ڕادەیەک بە بارودۆخی کورد و ئاوەنێیەکی ڕاستەقینە و دەنگدانەوەیەکی بارودۆخی کەمەڵە. بەڵام ئەوە مانای وا نییە کە فۆلکلۆری کوردی نابێ ببێتە بناغەی دروست بوونی گشتی موزیکی کوردی. هەتا زۆر لە کەمپۆسیوری جیهانی وەکو ئارام خاجاتوریان، چایکۆفسکی و زۆرانی تری جیهان بە تایبەتی (ئەنتەنیە دڤۆرژاک)ی چیکی. نەوەک تەنها موزیکی کلاسیک ، بەڵکو ئەمان Jazz وBlues کەهی ڕەشەکانی ئەمریکایەو دەرد و موعاناتی میللەتێک باس دەکات و بە موزیکژەنی جیهانی بۆتە ڕەبازێکی موزیکی گرنگ و بناغەکەشی لەسەر موزیکی فۆلکلۆرە و نەک تەنها ئەمە، بەڵکو Blues هەر بە کلتوری ڕەش لەقەڵەم دەدرێت،کە بە ڕاستی بۆتە موزیکی کۆن و کلتوری ڕەشەکانی ئەمریکا و ئێویش بووە بە بناغەیەکی تر بە موزیکی تری پاش هاتوو. یاخود Country موزیک کە پێیدەڵێن موزیکی(رعاة البقر) هی جووتیارە سپییەکانی ئەمریکایە و بۆتە فۆلکلۆر و کولتووری کۆنی ئەم میللەتە و زۆر گەرانی تازەی Pop و Rock بناغەیان لەسەر (Country Music) داناوە.
ئەمەش ئەبێ بە تایبەتی کاتێ مرۆڤ بە وەڵات بێ و بە مۆزیک بێ و بە (Identity) هەویە بێ، ئەوا دەبێ ببێتە بناغەی تەواوی هەموو

دامەزراندنی موزیکی ئەم میللەتە.چۆن؟
مامۆستاکەم کەبەداخەوە دە ساڵ پێش ئێستا مرد، زیاتر لە شەش ساڵ لە کاتی حوکمی مەلەکی لە ئەفغانستان بووە و لەلایەن حکومەتی نەمساوە کەکردنەوەی فەلکلەر و گۆرانی ئەفغانی پێ سپێردرابوو کە زۆر بە پوختە وجوانی کەی کردەتەوە دەڵێ"کاتێ مرۆڤ توانی لە فەلکلەر تێ بگات، ئینجا موزیکی هەستانی تازە دروست دەکات".
بەگومان من باسی ئەوە ناکەم کە وەکو چەند کەسانێک دەڵن مۆزیک و گۆرانی فەلکلۆری دەگۆڕن و یان بە ئامۆری هەژئاوایی لێی دەدەن یان میلۆدی گۆرانییەکە تۆزێ دەگۆڕن یا هۆزمی یا دابەشکردنی موزیک، بەڵم جۆرە مامەڵەگەڵ فەلکلەر ناکرێ، بەڵکو ئەبێ ئەمە گۆرانی تازە دابنێین کە بناغەکەی لەسەر فەلکلەرە یانی (Melodiznge) زۆر میللودی فەلکلۆری کورت دەگرێ بە خێرایەوە هۆزمی فەلکلۆری..تامی فەلکلۆری وەک گۆرانی Pop(ئۆرلەندە) بە وێنە یان یابانی، هیندی، عەرەبی، فارسی. بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێ ئەم شتە دروست بکات چونکە شارەزاییەکی چەند ساڵانەی باشی دەوێت و موزیکزانی لێهاتوو کە سەریان لە موزیکی کۆن و تازە دەردەچێت، بیکۆن.

عەبدوڵا سەڵمان (مەشخەڵ) : دیاردەی شەوی کوردی و شایی کوردی چۆن دەبینن؟

هۆزگار خۆشناو : بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دوایی دیاردەیەکی زۆر خراپ بەسەر بەتەوە ئەویش ئاهەنگی کوردی سیاسی بەتە ئۆکلەنجەی کوردی(لە هەولێر بە ئاهەنگی ژن هێنان و بۆزم وهەراکەی دەڵێن ئۆکلەنجە) هەشتا سرووەی"ئەی ڕەقیب" تەواو نەبووە دەستی یەک دەگرن و لە زەوقی موزیکوان و گۆرانیبێژ دەدەن.
ئاستە ئەو ئاهەنگانەی کورد دەیکات لەسەدا نەوەد و نۆ پێی دەڵێن (پارتی-Party) یان شەوێک کە خواردن و دانس و سەما و شایی و …تاد تێدایە و کۆنسێرتیش کە منالی تیا قەدەغەیە و هەروەها خواردنەوەشی تێدا نافرۆشرێت ، کەسیش بە "ئەی ڕەقیب" هەڵناسە.
بەڵام بە نۆکرە هێز لە برای گۆرانیبێژ و هونەرمەندانی سەر شانە بگرین کە ئاهەنگەکە دەکەنە دوو بەش. بەشی یەکەم بە گۆرانی خاو و مەقام و ئاهلی زەوق، دووەمیش بە شان بادان! من ئەم دیاردەیەم لای هیچ میللەتێکی دی وە هەتا لەنەو خودی کوردستانیش خۆک ئاگەر زۆر هەستی جوانیەوە کاتی ئاهەنگ ئەوا چەپڵە لە دەدات و لەشوێنی خۆی دێتە پێش. بەڵاستی من یەک بە باری خەم کاتە خۆک شایی دەکات حەزدەکەم زوونایەک یا دەهۆڵم پێ بێت چونکە هەست ئەکەم ئامۆرەکەم زووەی لە دەکرێت و شیاوی ئەو ئەزیەت و زۆغتکردنە نییە. زۆر جاریش

چ میللەدی لە بدەم بە عود یا دەهۆل لە بدەم ئەوا کەس هەر فەرقیشی پێ ناکات چونکە ئەوەندە گەرم بوون کە ئاگایان لە موزیک هەر نییە. شایی کوردی تا بەڵی جوانە و لەبارە و پیاو حەز دەکات تەماشای بکات بەڵام نەک وەکو هەندێک کە شایی کوردی نازانن و بەنەوعێک خەیان دەجوڵێنن کە زیاتر لە (Techno) و دانسی مەدەرن دەکات و تیایا جلوبەرگی مەدەلی تازە نیشان دەدرێت. هەتا ئەم شایییە کوردییە بەردەوام بێت، ئەوا موزیکی کوردی هەر لەو حاڵەتە دەمێنێ کە تەنها شایی گەرم بکات و بەس نەوەک شتی هونەری دروست بکرێت کە ڕەکوپێک بێت و نەک تەنها کورد بەڵکو خەڵکی غەیرە کوردیش بتوانێ زەوقی لەوەربگرێت. ئەوەندەی نەماوە کە خەڵک دڵ وزوونا بێننە نەو هەڵ و موزیک وگەرانی کوردی هەر لە بەین بدات.

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : دەڵێن تە یەکەمین کەسی کە وتەرەکت بە عود زیاد کردووە؟

ڕزگار خۆشناو : ئەم وتەرە یان تەڵە تەکمیلەی تەڵەکانی تر، یانی جیاوازە لەوەی (جمیل و میرشیر)ەڵەحمەتی کە ئەوان پێیان دەگووت (قەبە دوگاڵ). ئەوەی من زیادم کردووە ئەستا نەک تەنها لە کوردستان و عەراق، بەڵکو لە زۆر شوێنی تریش بەکاری دێنن. ڕەنگە ئەگەر عود لای پیانۆ نەسب بکرێت یانی دەکاتە(سۆڵ – Sol)

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : ئەستا زۆربەی زۆری ئەوانەی دەست بە فەربوونی عود دەکەن لاسایی ئەوە دەکەنەوە ، ئایا ئەمە چۆن دەبینن؟

ڕزگار خۆشناو : من هەرچەندێک دەستم پێکردبێ و خەم فۆری ئامۆری عود کردبێ ئەوا گرنگ نییە ، بەڵکو ئەوە گرنگە کە من هەر لە ساڵانی پەیمانگاوە واتا ١٩٦٨ وە تاکو ئەستا زۆر تەئکیدم لەسەر ڕوحییەت و تاموچێژی کوردی ڕەسەن کردووە. وە لە کوردستان زۆر گروپ عودیان لە نەو گروپەکەیان بەکار نەدەهێنا بە دەلیلی ئەوەی گوایە عود ئامۆرێکی عەرەبییە و بە کەڵکی کوردی نایەت.
ڕاستە ئەمە لەبەر ئەوەی موزیکی عەرەبیمان زۆر گوێ لێبووە کە بە ئامۆری عود لێدراوە و چونکە هەموو ئاوازدانەر و دابەشکەر و فەربوون لە ڕێژەیەکات بە تایبەتی لای میللەتی عەرەب بە عود دەکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە من هەستم ئامۆرێکی جوانی تەختی ڕێژەیەکاتی هەیە بگرم و خۆی لە دوور کەم. چونکە ئەگەر موزیکژەن ڕوحیەتی عەرەبی یا فارسی یا تورکی بێت ئەوا باڵەبان، ساز، سنتوور، ڤیولون، چەڵو هەمووی بە ڕوحیەتی ئەم میللەتانەی کە باسم کرد لێدەدات. واتە گرنگ نییە چ ئامۆرێک، بەڵکو کە لێی دەدات و

چۆن ئێستا من شانازی بەوە دەکەم کە زۆر موزیکژانی کوردی ناسراویش تەقلیدی من دەکەن و ھەر و ھەچکەی نزیک بە منیان گرتۆتە بەر و ئەوەش باشی زیاترە لە خراپی بە تایبەتی دوای زیادکردنی تێلی شەشەم عود دەنگی بە گۆرەی عودی عەرەبی و فارسی یەکجار گەرا و زیاتر بوو بە دەنگێکی زیاتر کوردی ودوور بوو لە میللەتانی تر. ئیتر بە ھیوام بتوانین سوود لە ئامێری دیکەی میللەتان وەربگرین و ھیچ ئامێرێک فڕێ نەدەین.
ڤیولون : ھەم عەرەب بە عەرەبی لێی دەدات.فارس بە فارسی وتورک بە تورکی و کوردیش بە کوردی ئەبە لێیبدات.

عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ) : لە کۆتاییدا چ ھێنوونیەکتان ھەیە بە مۆسیقارە کوردەکان؟

ڕزگار خۆشناو : ھیوام وایە کە ئەوانەی ئێیانەوە فێری موزیک ببن یان ئامێرێکی موزیک فێر بن، ئەوا زۆر گوێ بگرن بە موزیکی فولکلۆری کوردی و دوای دوو سێ ساڵ نەبن من تازە بوومە موزیکژن و ئیتر بچینە سەر شانۆ و خۆیان بە موزیکوان دانێن. چونکە لە ئەوروپا خەڵک لەتەمەنی چوار پێنج ساڵیدا دەست پێدەکەن و ھەتا دە پانزە ساڵیش ناچنە سەر شانۆی حیرفەیی یان پرۆفیشیناڵی چونکە بڕوایانەوە ھەیە!. ئەبە موزیکوانی کورد بە فڕیوونی دوو جومڵەی موزیک و گۆرانیبێژ بە سێ – چوار گۆرانی نیشانە سەر شانۆ و پێش ئەوەی ھونەرمەند ڕەسەنەی ھونەریان دەست پێبکات کۆتایی دێت. بەداخەوە کورد تەنھا میلەتێکە کە مامۆستا و قوتابی لێک دەرناکات. ڕەنگە یەکێک کە تازە ھاتۆتە مەیدانی ھونەر بەقەدەر یەکێک دەگیرێت کە زیاتر لە سی ساڵ خزمەت دەکات و چەندەھا جیلی پێگەیاندووە. من ناڕەزام ھونەرمەندی گەنج ھان نەدرێت، بەپێچەوانەوە ئەبە ئێمە ھەموو گەنجەکان و ئەوانەی تازە دەست پێدەکەن ھان بدەین. بەڵام ئەبێت بزانین چۆن و بۆچی؟ نموونەک وابێت کە کابرا بڕۆت ئەوە منم وا گەیشتمە ئەو پلە بەرزە و ئیتر خۆی و ئاستی ھونەری خۆی لەبیر بچێت. لە کۆتایشدا ھیوای سەرکەوتن بە (ڕەنگاڕەنگ) ئەو ڕۆژنامە خنجیلانە تازەیتان دەخوازم و ھیوادارم بتوانن بەم ڕەیە خزمەتی وشەی کوردی ڕەسەن و کولتوری کوردی و زمانی کوردی بکەن کە ئێمە پێویستی بە ھەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی کولتوری و کەمەڵایەتی ھەیە بە تایبەتی بە جیلی ئەستای گەنجکانی دەرەوەی کوردستان. ھەر بژین وزۆر سوپاس.

٥ ی نیسانی ١٩٩٩
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

تێبینییەکی پێویست : ئەم چاوپێکەوتنەم لە ٥ ی نیسانی ١٩٩٩ لە شاری ڤانکۆڤەر لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو لە ماڵەکەی بەڕێز کاک "سەڵمان ساڵح"دا سازداوە و وا بڵاوی بووەتەوە لە ڕۆژنامەی "ڕۆژهەڵات"دا بەناو بکرێتەوە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک ڕۆژنامەی "ڕۆژهەڵات" چاوی نەپشکوت و ئەم چاوپێکەوتنش هەروەکی نەبینی. ڕۆژهەڵات وەکو ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری و هونەری عەبدوڵا سەڵمان (مەشخەڵ) و گەلان عەبدوڵا بە نیاز بوون لەسەر ئاستی کۆنەدا چاپ و بڵاوی بکەنەوە. لەرەوە داوای لێبوردن لە کاک ڕزگار خۆشناو و کاک سەڵمان ساڵح دەکەم.

ئایا نیل ئارمسترونگ تاکە کەسە چۆتە سەرمانگ ؟!.. هەرگیز عمر کاکل

ڕەنگە بە هەی جەنجاڵی خەمانەوە بێت یاخود هەندی جار بە هەی کەمتەرخەمی بێت بە ئەوەی نەمانەوێت شارەزابین و شارەزایمان هەبیت کە زۆریک لە ئێمە لەم کەمەلگایەی کوردیە پەمان وابێت کە تاکە کەس تا ئێستاکە چوبێتە سەرمانگ کەشتیوانی ئەمریکی (نیل ئارمسترۆنگ) بێت و تەواو . بەڵام ئایا هەوڵتداوە ئەوە بزانیت کە دوانزە کەشتیوانی بەشایگەری بە 6 کەشتی بەشایگەری بە مانگ چوون و چوونەتە سەر ڕووی مانگ . لەڕەوە ئەم زانیاریە ڕاستقینەیە و بەڵام ئێمە ئاشنا نەبووین و شارەزایمان نەبووە لەسەری . لە سالانی 1969 تا ساڵی 1972 زنجیرە گەشتی (ئەپۆلۆ) لەلایەن دەزگای ناسا ی ئەمریکیەکانەوە بەڕێو مانگ هەڵدرا بۆ ئەوەی بتوانرێت مرۆف بگات بەسەر ڕووی مانگ بەم شێوەی خوارەوە :

- ئەپۆلۆ 11 لە16یۆلیو 1969 / دوو کەشتیوان لەسەر ڕووی خاکی مانگ دابەزین . نیل ئارمسترۆنگ و باز ئالدرین .
- ئەپۆلۆ 12 لە14 نوفمبر 1969 / هەردوو کەشتیوانی بەشایگەری بیتی کۆنراد و ئالان بین لەسەر مانگ دابەزین .
- ئەپۆلۆ 14 لە11 ئەپریل 1971 / کەشتیوانان ئالان شیبارد و

ئیدجار میتشیل .

- ئەبەلە 15 لە31 یناير 1971 / کەشتیوانانی بەشایيگەری دافید سکوت و جیمیس ئاروین .
- ئەبەلە 16 لە26 یولیو 1972 / هەردوو کەشتیوان جون یانج و تشارلز دوک بوون .
- ئەبەلە 17 لە16 ئەبریل 1972 / کەشتیوانان یوجین سیرنان و هاریسەن شمیت .

هەرچی کەشتی ئەبەلە 13 یە لە7 دیسمبری 1970 هەدرا بە مانگ و هەرسی کەشتیوانی بەشایيگەری (جیم لوفل و فرید هایس و جاک سویجارت) دووری 250 هەزار کم لە رووی زەوی بەهای تەقینەوەی کەگای ئەکسجینی کەشتیەکە نەتوانرا کارەکە بەسەرکەوتووی بە رووی مانگ ئەنجام بدەن و ناجار بەدووری مانگ سورانەوە و گەرانەوە بە هەسارەی زەوی .

هەنگە لیرەوە ئاشنایەتیمان پەیدا کردبەت لەسەر چونی مرەف بە سەر مانگ . بەڵام لەوە کارساتبار تر ئەوەیە دوای ئەو هەموو کەشتە بەشایيگەریانە و چونە سەر مانگ و ماندوو بوونی مرەف بە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە مرەفایەتیەی زانیاریە ، کەچی زەر بەداخەوە تا ئەستا (مرەفانک هەن بەوایان بە چوونە سەر مانگ نیە و بە سیناریەی دەزانن) ئیتر لەرەوە عەقلی مرەفکان دادخرەت و فراوان بوونیان نیە بە وەرگرتنی زانیاریەکان لە پشکەوتنی زانست لەسەر ئەم هەساریە !!!!!؟

هەرەم عمر کاکل

١٣حزب لە لیستەکدا چیان پەدەکرەت؟.. عوسمان حاجی مارف

یەکەتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆران، لەگەڵ 11 حزب و لایەنی سیاسی دیکە پەکهەنانی هاوپەیمانیەتکی فراوانیان ڕاگەیاندوە بە، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عەراق لە ناوچەکانی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی هەرەمی کوردستاندا.

گوایە ئەم لیستە بە ئاوایە تابتوانن لەو هەڵبژاردنەدا "زەرترین دەنگ بەدەست بهێنن و مافیکانی خەڵکی کوردستان بپارێزن". هەروەها داوا لە هەموو حزبە کوردستانیەکانی تریش دەکەن هاوبەدەن لە زووترین کاتدا یەک لیستی کوردستانی پێکبهێنن.

ئەو هەڵوەرجە سیاسیە نالەبارەی کوردستان و ئەو قەیرانەی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی، لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا بەدەستیەوە دەشداماون، ئەتوانین بڵێین؛ یەکەم: ئەم جارە لیستانە بە هانایانەوە نایەت و قەیرانەکیان زیاتر دەبات، چونکە ناتوانن پێگەی نفوزی سیاسیان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمدا، بەدوای ئەو شکستەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا تێیکەوتن، بە پێکهێنانی لیست بە هەڵبژاردن قەرەبو کەنەوە، چونکە ئەوان لە مانەی هەزی سەربازیدا دەڵاندنی خەیان ئابەوبەرانە نمایشکرد، بۆیە بەم لیستەو بەم هەڵبژاردنە جێگای ئەو شکستە پەناکەنەوە. دووەم: پارتی ئامادەنیە بچێتە ناولیستەکەوە گەر دابینی تەواوی ئەو نەکات، کە خاوەنی ئەسڵی ئەو لیستە دەبات هەر خۆی بات و بەشی شەریش هەر مافی خۆی بات. سێیەم، حزبە کوردیەکان بەخەیان لەبەردەم هەڵبژاردنی هەرێمدا تیا ماون، چونکە هیچ هەڵشناییەک ئەوە نیشان نادات، بەوەی کە ئایا دەتوانن هەڵبژاردنی هەرێم ئەنجام بدەن؟. چوارەم: هەڵەکانی ناو حکومەتی عێراق لەباری بەڕێوەبردنی ئەوناوچانەدا هەنگاوە زیاتر لەپێش هەڵە کوردیەکانەوەن، بەمەش تاادەیەک دەتوانن لایەنە کوردیەکان تاریک کەنەوە.

گەر لەمانەش گەڕێین، ئەو بەشە لە ئاگەیاندنی ئەو ١٣حزبە کە دەڵێن بەئەوەی زەرترین دەنگ بەدەست بهێنین و "مافیکانی خەڵکی کوردستان بپارێزین"، ئەم پاساو هێنانەوەیە بە ناوی پاراستنی مافیکانی خەڵکی کوردستانەوە، جێگای تەرامان و سەرسوهێنەرانەی جدیە، بەدوای سی ساڵ زیاتر لە سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، کام ماف، کام شکە، کام خواستی خەڵکی کوردستان پارێزراوە؟ گەر وایە فەرمون با بەمان بژمێرن، ئاخە لە ئێستادا و بە لیستێکی ١٣حزبی ملکەچ و بەدەسەڵات لەبەردەم دەرگای حکومەتی عیراقدا، ئەبە چی گەدرابێت و چی ڕویداوە؟، تا ئومێد بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، ببەستن.

ئەم جارە لیستانە، جگە لە نمونەی سەوداو مامەڵەیکی بازرگانی کە ئەو حزبانە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەیکەن، شتێکی تر نیە، تەنها بە دەستکەوتێکە بەکو لە ناو بازاڕی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی پارێزگادا بەدەستی بهێنن، کە جگە لە شراکەت لە گەندەیدا هیچ سودێکی بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە تیا بەدی ناکرێت.

ئەو حزبانەی چونەتە ناو ئەو لیستەوە بەگشتی پاشکۆ بوون و پشتیوانیانە بە سیاسەتێک کە یەکێتی نیشتمانی پێیوای دەکات و لەهەوڵی ئەودایە ئاستی هاوسەنگی هێز بەم دوایانە بە خەی بگەڕێنێتەوە، بەڵام دەخی ئێستای کوردستان و قەیران و گۆڕاوێک کە یەکێتی بەسەری دەبات، بەم جۆرە یاری و مامەڵەیە هەرگیز ناتوانێت هەڵسێتەوە، بۆیە لەوەش سەیرتر ڕووی کاری ئەو دوانزە حزبەی تر، کەچونەتە گەمەی ناو ئەم لیستەی یەکێتیەوە، دیارە ناتوانن یا نایانەوێت دەستبەرداری ئەو واقعە شکستخواردووەی پارتی و یەکێتی بن، کە لە ناوچە کۆنەپارێزگاکان بەسەریاندا سەپێنرا، بۆیە وا بۆئاسانی و بەپەردە و دوای ئەزمونی سێ ساڵ زیاتر، بەدوای فەرمانڕەوایی یەکێتیەوەن، واتە ئەو حزبانە بەهەر ئاگەرو قەیران و گۆڕاوێک ڕوبدەوبن، تەنها لەهەوڵی ئەودان دوکانەکەیان دانەخرێت.
هەبەتە با چاوەڕوان بین بزانین پارتی لەم کەین و بەیندا چ مامەڵەیەکی تر دەکات، ئەو پارتیەی کە تائێستا نەیتوانیوە شکڵی شکستخواردنی خەی لە بەرامبەر حکومەتی عێراقدا بگەڕێنێتەوە. ئەوەی ئاشکرایە کە پارتیش شتێکی پشەوتر لە لیستی ئەو ١٣حزبە، ناتوانێ ئامادەبکات.

فیستیڤاڵی بەهاری نوێ و دەستپێکی جوان.. عەلی حەمەشید

فیستیڤاڵی بەهاری نوێ کارێکی گرنگ و چالاکییەکی پێویست بوو کە بەڕاوبۆرتی چالاکی هونەری قوتابخانە و خوێندنگەکانی سلێمانی وەک ئەرکێکی گرنگی سەرشانیان ئەنجامیان دا..کە خەی دەبینییەوە لە نمایشکردنی کەمێک شانۆیی تایبەت دا کە لایەن قوتابیان و خوێندکارانەوە لە چند پەروەردەیەکی سەربە بەڕاوبۆرتی گشتی پەروەردەی سلێمانییەوە پێشکەش کران.من ئاستی دەق و نمایش و دەرهێنان و هەموو ئەو کارانەی کە پێویستن بە ساما و شانۆییکانەوە بۆجێ دەهێم بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕی بوارەکە،ئەوەی لای من گرنگ و جێگای دەستخۆشییە کە توانرا ئەو

ڕۆچکە هونەریيە بەرزەی کە لە سەلەمانی و لەلایەن چالاکی قوتابخانکانەوە پشکش دەکرا بەردەوامی پێبدرێت و لەسانی داهاتوودا هەوێبدرێت کە کاری زەرتر و جوان تر و باشتر ئەنجام بدرێت و هەموو ئەو توانا و بەهرە جوانانەی قوتابیان و خوەندکاران و شارەزایی و سەلیقەی مامەستایانی بوارەکە بەهەند وەربگیرەن و لەو ڕۆگەیشەوە بتوانن قوتابخانە و خوەندن زیاتر لای قوتابی و خوەندکار شیرین بکەن ،تا وا نەزانن هەر وانە خوەندن و پەل و وایت بەرد و داتاشە ،ئەوانە لە خوەندندا هەن بەکو شانە و شوەکاری و مەزیک و گەرانی و سرود و سەما لە پاڵ ئەواندا کە باسمان کردن هەن و منداڵ دەتوانێت بە خەشیەوە پەرە بە حەز و خولیا و توانا و بەهرە شاراوەکانی خەی بدات.شانە وەک هەموان دەیزانین کە کەکەرەوەی گشت هونەرەکانی تر،لەشاندا دەق و هەنراوە وەک ئەدەب ئاوەزانی نواندن و جوڵە و سەماو دەنگ و مەزیک و گەرانی و شوەکاری دەبن و پەکەوە ئەو پیامە پەروەردەیی و مرۆڤدۆستی و ژیان دۆستی و ژینگە دۆستییە دەگەیەنن و جوانییەکی تر بە ژیان و خوەندن و قوتابخانە و پەل و مامەستا دەدەن.ئارایشتەکی ڕازاوە و جوان دەبەخشن بە پرسەی پەروەردە و دەبنە تەواوکەری بەشوەیەکی دروست و گونجاو.بەهرەکان دەردەکەون و بە شێوەیەکی دروست و زانستیانە لەلایەن مامەستایانی بوارەکەوە پەریان پەدەرێت و زەر بەجوانی گشە دەکەن.ئیتر گوەی حەزەکانی منداڵان ناژاکەن و دەگشنەوە، بەشنەی زەردەخەنە و ئافەرینی مامەستا دەسەزکانیان،منداڵ خەشویستییەکی زەری بە قوتابخانە لادروست دەبەتەوە و ڕۆژانە بەپەرەشەوە ڕوو لە قوتابخانەکەی دەکات و دەیکاتە مەبەندی بەدیهەنانی خولیاکانی و بەگەڕخسنی توانا کانی ، خونچەی باوەڕ بەخە بوونیشی باشتر دەگشتەوە و نەشونما دەکات بە بەوایەکی پتەوەوە کاروچالاکییەکانی ئەنجام دەدات و بە ترس و دوو دەی بوونی خەی دەسەلمەنێت.دەستخەشیمان بە هەموو ئەوانەی کە بەشداربوون لە بەڕێوەچوون و سەرخستنی چالاکییەکاندا..

عەلی حەمەڕەشید
نوسەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی